# چاڕلی، زیرەک، جاکسن!

حەسەن زیرەک، چاڕلی چاپلین و مایکل جاکسن، لە کۆڵانە بێنازەکانی لەندەن، گەری و بۆکانەوە گەیشتنە لوتکە، هەر سێ بزێو، بزۆز، سنوور بەزێن و تابوشکێن بوون. چاڕلی و جاکسن بوونە هونەرمەندی جیهانی، زیرەک کوردستانی.

چاڕلی گەمەی سیاسی جیهانی بە سوخرە گرت، جاکسن پێستی خۆی کردە گەمەی ژیان، زیرەک بوو بە ژیلەمۆی ناو خۆڵەمێش. جاکسن و چاپلین جیاواز لە زیرەک بوون، ئەوان بە هونەر ژیان و زیرەک بۆ هونەر! جاکسن و زیرەک تەنیا ٥١ ساڵ ژیان. دواڕۆژی جاکسن ٢٥ی یونی و زیرەک ٢٦ی یونی بوو. زیرەک و چاڕلی مناڵی پاییز بوون. بەرهەمەکانی جاکسن ٧٥٠ ملیۆن جار، بە دۆلار فرۆشران و هی زیرەک بە...! جاکسن پاشا بوو، زیرەک ...؟

" هەر لە گەنجی تا بە پیری ئەو دڵەم بێ غەم نەبو- گەردشی ئەو چەرخە کۆنە قەد لە من غافڵ نەبو

تا لە دەربووم، دۆست بە ملیۆن، ڕێی نەبو بیکات سڵاو- گەر گیرام و کەوتمە بەندیخانە، کەس نەبو لێم بێنێ ناو"

ئەو لە خۆی و خەڵک و جیهان و ژیان تێگەیشتبوو، ئەمما کەس لە زیرەک تێنەگەیشت، هەر وەک چۆن کەس لە سوقرات تێنەگەیشت و لە کۆلانەکان گەمەیان پێدەکرد، وەک زیرەک خۆی گوتەنی „باوکیان لە گۆڕ دەردێنا“!

"سرڕێکە وا لە دڵما، بیڵێم زمان ئەسووتێ/ بیشارمەوە نەیبێژم مێشک و ئێسقان دەسووتێ"

ئەو لە گەڵ کۆمەڵگا و دەوروبەری ڕێک نەدەهاتەوە، تەنیا بوو، تەنیا مایەوە. قەرەباڵغبوون و لە دەور کۆبوونەوە چارەی زیرەکەکان و تەنیایی ناکەنەوە. زیرەک دەبێ بە هێمن و هێمن بە زیرەک. هێمن و زیرەک هاوتەمەن بوون، هەرکیان تەنیا بوون، بە زمانی هاوبەش دەدوان، زمانی توڕە و زیز. "ئاخرین تیشکی خۆری پاییزم- شاعیری پیری تووڕە و زیزم".

"دەردەسەری و نارەحەتی بەسەرهاتەکانم بوونەتە مایەی سەرکەوتنم لە ژیانی هونەریمدا!"

ئەو شوێن دەگۆڕێ، هاوسەر دەگۆڕێ، دۆست و ئاشنا و هاوڕێ و خزم و کەس دەگۆڕێ، پیشە دەگۆڕێ و داوەکانی دەوروبەری دەقرتێنێ و ڕاستی ژیان و خەڵک و ئینسانی دەوروبەری بۆ دەردەکەوێ و بە بێزاری دەگات و دەبێژێ" دەمەوێ بچمە ژێر گڵ و لەو دونیاش چاوم بە بەشەری کورد نەکەوێ"! لە هەمان کاتدا " کوردبوون و بە زمانی کوردی قسە کردن" بە ڕێگر دەزانێ، بەڵام خۆشی هەر لە کوردبووندا دەبینێتەوە. زیرەک "من" ێکی تایبەت لە خۆی دەنوێنێ، "من" لە نێوان "بوون و نەبوون"، کە هێمن دەیکات بە پرسیار!

"چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم من چیـــــم ؟! -- خۆم گومانم هەیە کە هەم یا نیـــم ؟!"

بوون و نەبوونی زیرەک و هێمن، هێمن و زیرەک، بەردەوام پرسیار بووە و پرسیار ماوەتەوە و بەرهەمەکانیان پڕە لە پرسیاری بوون و نەبوون، هەم بوون و نەبوونی تاکی خۆیان و نە تەوەکەیان.

„ ئێستە بۆ چاری غەمم گۆشەی مەیخانەیە جێم-- من کە ڕۆژێ دەمەویست میللەتەکەم بێخەم کەم"-هێمن-

"کوشتمی و شەش خانی ئومێدی لە من گرتن حەریف-- هەر مۆرە هەڵداوێم و بێهوودە بە تەمای دوو شەشم" – زیرەک-

"هەبوون و بوون" لای زیرەک گرێدراوی هونەر و شیعر و ئاواز و گۆرانییە."من هەر توزێ دڵگیربم دەرگای هونەرم بۆ دەکرێتەوە و شیعری ڕێك و پێکم بۆ دێت و ئاوازی خۆش وتازەم دێتە سەر زار و دەریدەبڕم و بەم گۆرانی گوتن، باری خەم لە سەر خۆم لا ئەبەم و لە هەمان کاتیشا خەڵکی دەوروبەریشم شاد و دڵخۆش ئەکەم."

زیرەک و هێمن لە گۆشەی مزگەوت و تەکیە و خانقا، یەک ناگرنەوە، ئەوان لە گۆشەی مەیخانە بەیەک دەگەن. هەرکیان میللەتەکەیان بە هونەرەکەیان دڵخۆش و بگرە سەرخۆش دەکەن. دەرمانی "غەم و خەم"ی هەرکیان لای خۆیانە. زیرەک لە ڕێگای گۆرانی و موسیقا، چارەی خۆی دەکات، ئەم ڕێگایەی کە ئەمڕۆ لە پانتای جیهان "موزیکتراپی" ناوە!

چاڕلی چاپلین تراژێدی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی دەگوازتەوە بۆ ناو پێکەنین. شادی و پێکەنینی بە سەر خەڵکی چوار قورنەی جیهاندا دابەش دەکرد، خۆی پڕ لە خەم مایەوە و بە هونەرەکەی هەم خەڵکی ئاگا دەکردوە و هەم بزەی دەخستنە سەر لێو.

زیرەک خۆی گوتەنی:"بەم گۆرانی گوتن، باری خەم لە سەر خۆم لا ئەبەم و لە هەمان کاتیشا خەڵکی دەوروبەریشم شاد و دڵخۆش ئەکەم."

زیرەک بە گۆرانی گووتن دوو کار دەکات"خەم لە سەر خۆی لائەبا" و " خەڵک دڵخۆش دەکات". زیرەک لێرە لە هونەرمەندە بێ وێنەکانی جیهان نزیک دەبێتەوە، کە بە هەڵە ناوی "دەڵقەکیان" لێناون. مرۆڤگەلێکی مەزن کە دژوارترین کاری جیهان دەکەن. ئەوان"خەم و ئازاری خۆیان دەکەن بە پێکەنینی خەڵک" زیرەک ڕێک ئەو کاردەکات، هەر وەک چۆن بە دەگمەن بیر لە کەسایەتی دەرەوەی دەڵقەک دەکرێتەوە، ئاواش بیر لە کەسایەتی دەرەوەی گۆرانیبێژەکە ناکرێتەوە.

ئەم ڕاز و سێحر و سڕرە هەر ئەوەیە کە زیرەک دەیدرکێنێ، ڕازی دەلقەکەکان، شاعیر و نووسەر و گۆرانیبێژ و ئاکتۆر و شانۆگێرکان. هەموو هونەرمەندانی جیهان، هەموو بیرمەندانی جیهان، ئەو دوو لایەنەیان هەیە کە زیرەک لە زمانی هەموویانەوە و بە شێوەیەکی ساکار باسی دەکات، گەر زیرەک دەرفەتی وەک چاڕلی و جاکسنی هەبایە، دەبوو بە زمانحاڵی زۆر لە هونەرمەندان و خەڵکی جیهان، ئەوەی زیرەک باسی دەکات، بە تەنێ کوردستانی نیە، ئینسانیە!

"هەر کاتێ دڵم لە شتێ شکابێ و کاری تێکردبێ ئەوسا داری خەم لە نێو دڵما بەری شیعر وئاوازی گرتووە و تا ئارەزووم کردبێت چاکترین شیعر وجوانترین ئاوازم بە خوشترین دەنگ وسەدام، وتووە و تا وتبێشم هەر بۆم هاتووە."

ئەمە بە تەنیا هەست و تێگەیشتنی زیرەک نیە، ئەمە پرۆسەی کاری هونەریی و هونەری هونەرمەندانە و لە پرۆسەیەکی هاوچەشندا دەرباز دەبێ. گۆڕینی حاڵەتی "خەمۆکی، وەڕەزی، بێزاری" کە وزە دادەبەزێنێ، بۆ حالەتی وزە بەرزکردنەوە و شادی و دڵخۆشی، هونەری زیرەک، چاڕلی، جاکسن، بێتهۆن، وانگۆگ، داوینچی، سوقرات، شۆپێنهاوەر و نیچەی زیز و تووڕە دەردەخات. شۆپێنهاوەر، شاعیر و فەیلەسووف، لە بنەماڵەکەی بێزار دەبێ، لە دایکی زیز دەبێ، شەق لە کورسی زانستگا دەدا و لە گۆشەیەکی فرانکفۆرت لە گەڵ باوەفاترین کەسی ژیانی، سەگەکەی دەژیی، ئەو کەسە زیز و تووڕەیە دەبێتە زمانی ڕاستگۆیی و بیرکردنەوە. هێمن لەوە دەچێ وێنەی ئەوی کێشابێ."ئاخرین تیشکی خۆری پاییزم- شاعیری پیری تووڕە و زیزم".

زیرەک پرسیار دەخوڵقێنێت، وزە و ئەنێرژی سووتاو، دەکات بە وزەی بنیاتنەر. ئەوەی زیرەک لێرە ئاماژەی پێدەکات، قسەی سەر زار نیە و تەگەیشتن و تەجروبەی لە پشتە و لە لایەن ئەوەوە سەلمێندراوە. ماکسیم گۆرکی ڕووس هەمان زیرەکی گەڕۆکە و گوند بە گوند و شار بە شار گەڕاوە و تێکەڵ خەم و خەفەت و زمان و گوتنی خەڵک بووە و باشترین ئەدەبیاتی ڕووسی لە ڕەنجی خۆی خوڵقاندوو. بێتهۆن هێدی هێدی سووتاوە و لە نەبیستنی دەنگدا، هونەری خوڵقاندووە. زیرەک باش تێگەیشتووە کە ژیان یەک تابلۆی یەک ڕەنگ نیە:

"گەنجی ئینسان تا میزانێك بە ملیۆن غەوغا دەکا-- ئەگەر پیر بو، پشتی کۆمە، شەرم لە عیرفان دەکا

وەك من تا بووم، بە ملیۆن جنێوم هەبوو-- لە پاش مردنم، لە سەر قەبرم، گریە وزاریم بۆ چیە؟!"

زیرەک ڕەخنەگرە و بە گژ بڤەکاندا چووە، سنووری بەزاندووە و چوارچێوەکانی شکاندووە، هەر لە سنووری ئەوین و دڵدارییەوە هەتا بەزاندنی سنووری وڵاتەکەی و بڤەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و ئایینی: "من زۆرم تێهەڵدان خواردووە بێ ئەوەی بزانم بۆچی لێم دەدەن، لەو دونیایە خۆشیم نەدی، ئومێدوارم لە جیهانەکەی تردا خودا تۆڵەم بۆ بکاتەوە، لای کەم لەوێش هەر تێهەڵدان نەبێ بەشم، باشە!"

زیرەک لێرە لە تەنزەکانی چارلی نزیک دەبێتەوە و ڕاستی ژیانی خۆی دەدرکێنێ و گاڵتە بە جیهانی نەبووی خودا دەکات و تێگەیشتنی گشتی خەڵکی ئایینباوەر بە سوخرە دەگرێ، ڕێک وەک چارڵی کە هەموو شتی بە سوخرە دەگرت. زیرەک دەیزانی دنیای دادار فانتێزییە، هەر بۆیە گاڵتەی بە فەرمان و ئەرکەکانی دەهات: "نوێژ ناکەم چون دوکتور بۆی نووسیوم."

ئەو تێگەیشتنی خۆی لە "پارە" بە قووڵی بەڵام بە زمانێکی گەلێک ساکار دەردەبڕێ، هونەر و بۆچوونێک، کە بەرهەمی تێگەیشتن لە ژیانە و جیهان بینینی کەسەکە دەردەخات. ئەو دەیزانی هونەری مرۆڤ لە ژیاندا چیە: "پارە ئەمڕۆ بۆتە وەسیلەی ژیان ناچارین هێندێك هەوڵی بۆبدەین تا ئێحتیاجی بەردەستی خەڵک نەبین، من ئەوەندەم بەسە و دەوڵەمەندیم ناوێت، چونکە من بەم جۆرە لە بەرچاوی خەڵک جوانم، خۆشم ئاوام پێ چاکە و لە ویژدانی خۆم ڕازیم."

"من قەت پوڵم نابێت لە مەسرەفی خۆم زیاتر بێ، چونکە دوکتور بۆێ نووسیوم." "من شانسم نیە و پولیشم کەمە".

زیرەک خۆی بە هونەرەکەیەوە هەڵنەواسی و هونەریشی نەکردە منەت بە سەر خەڵکەوە و چاویشی لە ڕاستییەکان نەنووقاند و لەو بەستێنەدا بوو بە هاودەنگی گۆران و پیرەمێرد و حاجی قادر و شاعیرانی تر: "هونەر لە ناو کورد دا قەدری نەما! هونەر بۆ من بەهرەیەکی نەدا! هونەر بۆ من کارێکی نەکرد کە بە شوێنی دا بچم! چون کوردم بە زمانی کوردی قسە دەکەم".

زیرەک دڵ و دەستی لە هەموو شتی ئەم جیهانە بەر دەدا، جگە لە زێد و نیشتمان:

"ڕۆڵە هیوا وئاواتم، کۆرپە جوانەکەم -- کۆرپەی شیرینم، پشتیوانەکەم

ڕۆڵە جێگای شانازیم، ڕەگی حەیاتم-- ڕۆڵە هۆی ژیانم، تینی خەباتم

ڕۆڵە شیرینەکەم، کوردستان چاوی لە ڕێتە-- نیشتمان هیوای دوارۆژی پێتە

ڕۆڵە تۆش وەك من، دە دەی ناڵەت بێ-- لە جەوری فەلەك تۆش سکاڵات بێ

ڕۆڵە چونکە تۆپاکی، لەدەرگای یەزدان-- با ڕزگاری کا، براکەی بابم! خاکی کوردستان"

برایم فەڕشی - کۆڵن

٢٦ نوامبری ٢٠١٠ / پێداچوونەوە پووشپەری ٢٠٢٠

